# هونەرمەند بڵند عەبدوڵلا: کوالێتی مۆسیقای ئەمڕۆ زۆر

*** ماوەیەکە بێدەنگی، هەست ناکەی کە غەدرێك لە هەوادارانت دەکەی؟**

- ئـــەو کاتـــە غەدر لە جەماوەر دەکەم، کە بڕیـــار بدەم واز لەهونەر و دنیای مۆسیقا و گۆرانی بێنم.

*** پێش چەند ساڵێك کۆنسێرتێکت لە کوردستان کرد و سەرکەوتنێکی باشت بەدەستهێنا، بەنیاز نیت کۆنسێرتی تر بکەی؟**

- تـــا ســـیدیەکەم بڵاو نەبێتـــەوە گۆرانی و ئاوازەکان ئاشـــنا نەبن بەجەماوەر، بیر لەئە نجامدانی کۆنسێرت ناکەمەوە.

*** ئێســـتا دوو رای جیـــا هەیە لەبـــارەی کۆپیکـــردن، هەندێك لە هونەرمەندان دەڵێن مافمـــان خوراوە لەبەر دیاردەی کۆپی، هەندێکـــی تریش دیـــاردەی کۆپی بـــە دیاردەیەکی ئاســـایی دادەنێن. دەتوانین بڵێین بڵند لەگەڵ کام رادایە؟**

- دیاردەی کۆپی کردن کارێکی ئاسایی نییە. بەپێچەوانەوە! ئەمە دزییەکی ئاشـــکرایە لە ئێمە دەکرێـــت. وەك ئەوە وایە کـــە تۆ بالەخانەیەك دروست بکەی کۆمەڵە کەسێکیش بێت دەستی بەسەر دابگرێت و داگیری بکات. بە ئازادی تیادا بژیت تۆش سەیری بکەی. لە هەموو وڵاتێکی جیهاندا ئەم کێشـــەیە هەیە، بـــەڵام هەر هەموویان هەوڵیانـــداوە رزگاریان بێت لەم کێشـــەیە لەڕێگەی ســـزادانی کۆمەڵێك کەســـان و ماڵپەڕی داگرتن و گۆرانی مۆسیقا.



بڵنـــد عەبدوڵـــلا یەکێکە لە هونەرمەندە ئەســـتێرە گەنجەکانـــی کـــورد کـــە ستایلێکی تایبەتی بۆخۆی هەڵبـــژاردووە و جۆرێـــک لـــە نوێگەری لـــە هونەری کـــوردی داهێناوە و هەموو لایەک شایەدی ئەوە دەدەن و بەڵگەش ئەو ژمارە زۆرە لـــە هەوادارانـــی دەنگـــی بڵنـــدە، بڵنـــد عەبدوڵـــلا ماوەیەکـــە لـــە هەولێرە، بۆیە بە پێویســـتمان زانی لـــە دەرفەتێکدا چەنـــد پرسیارێکی ئاراستە بکەن تاکو هەندێک لەو قســـەو باســـانەی ئێستا دەربارەی دەکرێن بۆ خوێنەران روون بکاتەوە.

دیمانە/ رۆشنە عومەر

*** بەرای تۆ میوزیك و گۆرانی لە ئێستادا پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە؟**

- بەرای من کە ئاســـتی کوالێتی مۆسیقا ئەمڕۆ زۆرباشـــە، بەڵام هەژاری هەیە لە دابەشکردن و لە ئاواز و تێکســـت. بەس بەگشتی گەشبینم و باوەڕم وایە بەرەو ئاستێکی باشتر دەڕوات.

*** ئایـــا هونەری گۆرانی و میوزیك پێویســـتی بە سانسۆر هەیە؟**

- نەخێـــر، دنیـــای هونەری کارێکی ئـــازادە هەر کەســـێك سەربەستە کاری تیادا بکات، بەڵام بیرمان نەچێت کـــەس ناتوانێت بەزۆری یاخود بەهێزی پارە دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێتە ناو ناخ و دەروونی خەڵك. دەرئەنجام خەڵك بڕیار دەدا ئایا ئەمە گۆرانیبێژە و لەم گۆڕەپانە گەورەیەی هونەریە جێگەی دەبێتەوە یان نا.

*** دوایـــن کاری خانمـــە هونەرمەنـــد موژدین گۆرانییەك بوو بەناوی "پاداشـــت" کە تێکست و ئاوازەکەی نوســـرابوو بڵند، ئایـــا تۆکارت بۆ ئەم خانمە کردووە؟**

بڵنـــد عەبدوڵلا: من لە کۆتایی ســـاڵی 2005 ئـــەم گۆرانییەم بۆخۆم دروســـت کرد و تۆمارم کرد لەگەڵ "پابلۆ پیرێـــز" کە یەکێك بوو لە ئەندامانی گروپە سویدیەکەم. "موژدین" لەڕێگەی هونەرمەند "گۆران کامیل"ـەوە ئـــارەزووی کردبوو کە پێوەندیم پێـــوە بکات و من هاوکاری بکەم لە دانانی ئاوازێك لە ستایلی خۆم. منیش وەکو هەموو ئەو هونەرمەندە لاوانـــەی یارمەتیم داون پێشـــوازیم لێکرد، چونکە مامۆستا گۆران وتی توانایی دەنگی خراپ نییە. ئیتر ئەوە بوو موژدیـــن گوێی لەو گۆرانییەی من بوو زۆر ئـــارەزووی کرد ئەم گۆرانییەی پێبدەم. پێم وت ئەمە ئاوازی منە و تێکستەکەی هی کوڕێکی تازە پێگەیشـــتووە لە هەولێر بەناوی "ڕێدار سابیر" ئەو کاتە ڕێدار ســـابیر ناوی دەرنەکرد بوو و هەر ئەو کاتە لەڕێگەی فاکس کۆمەڵێك تێکستی بۆ رەوانە کردم لەســـەر کاغەز و ئێســـتاش ماومە کە تیایدا نوســـیوویەتی خۆشـــحاڵە کە یەکێك یان کۆمەڵێك هۆنـــراوە هەڵبژێـــرم بیانکـــەم بە گۆرانـــی "واتا خۆبەخشـــانە" ئەوە بوو تێکستێکم لێیان هەڵبژارد. ئەویش گۆرانی "پاداشت" بوو و ئاوازم بۆدانا. بە (موژدین)م وت تۆ تازە پێگەیشـــتوویت و ئامادەم هاوکاریت بکەم گۆرانییەکەت پێشـــکەش بکەم و خەرجی ستۆدیۆ و ماندوبوونی پابلۆ لە ئەستۆی تۆدیا. کە لە ســـتۆدیۆ بـــوو لەڕێگەی تەلەفۆن

# باشه بەڵام لە ئاوازو تێکست هەژاری هەیە

پابلۆ بەموژدینی ڕاگەیاند کە خەرجی ئیشەکەی چەندە (موژدین) پارەکەی ڕەوان کرد. ئەمە هەمموو ئەو شتانەی باسی لێوە دەکەم ئەنجامدران لەبەهاری ساڵی 2006.

*** ئەی پاشان پێوەندیتان هەبوو؟**

-پاشان کە گۆرانییەکەم دا بە (موژدین) داوای لێکردم کە سیناریۆیەکی بۆدابنێم کلیپە کە لە سوید تۆمار بکات. ئەویش لە ڕێگەی دەرهێنەر "هەردی عومەر" زۆر هاوکاریم کرد ستافی کۆمپارس و ئەکتەر و سیناریۆم بۆ ئامادە کرد و کردی بەکلیپ. بەهەرحاڵ پاش ماوەیەك سەیرم کرد (موژدین) کەوتۆتە نێو حاڵەتێکی سۆزدارییەوە کە من بەهیچ شێوەیەك قبوولم نەبوو. گەیشتە ئەو ئاستەی کە بێزاری کردم بەتەلەفۆن، ئیمێڵ. منیش زۆر بەهێمنانەو بەشێوەیەکی جوان تێمگەیاند کە من هیچ جۆرێك لەم مەبەستانەم نەبووە کە هاوکاریم کردیت، بەڵام دیارە هەر لەسەرەتاوە ئەو نیازێکی تری هەبووە ویستی ئاواتەکەی بهێنێتە دی. ئیتر ئەوەبوو موژدین کەوتە حاڵەتێکی تر ئەوەندەی تر بێزاری کردم هەتا پێوەندی بە دەرهێنەر کاك هەردی کردبوو داوای لێکردبوو کە قسەم لەگەڵ بکات بەڵکو دڵم نەرم بێت. منیش کاك هەردیم تێگەیاند کە ئەم کچە من بە تاوانبار نایزانم، بەڵکو کەوتۆتە حاڵەتێکی تایبەت کۆمەڵێك هەستی بۆدروست بووە بەرامبەر بەمن کە ئەوەش زۆر ئاساییە، بەڵام من هیچ ئارەزووم نییە. دواتر وەکو تۆڵەسەندنەوەیەك موژدین هەستا منی کرد بەخاوەنی ئەم تێکستە و چەند کێشەیەکی بۆ من دروست کرد. خۆ ئەگەر موژدین ناوی ڕێدار سابیری لەبیر نەبوویێت، دەیتوانی لەڕێگەی ئیمێڵ لێم بپرسێت بەر لەوەی هیچ کلیپ و نمایشێکی تەلەڤزیۆنی بکات.

*** بەڵام کاك ڕێدار دەڵێ حەقی من خوراوە؟**

- دواتر کاك ڕێدار هەستا بە هەرەشەکردن لە من گوایە من غەدرم لێیکردووە. من ڕێزم لە تێکستی ئەو گرت و کردم بەگۆرانی بۆخۆم و ئاوازێکی جوانم بۆدانا. بەڵام گوناهی من چییە ئەگەر موژدین سوود لەهونەری پاك وەردەگرێت و حەقی تێکست نووس دەخوات. پێدەچێت زۆر باس لەم بابەتە کرابێت لە میدیاکان، من تا ئێستا بڕیارم نەدابوو قسەیەك بکەم لەسەری، بەڵام دەبینم ئێستا قسە دروست کراوە. کۆمەڵێك قسە بەناوی منەوە کراوە. ئینجا بڕیارم دا کە ڕاستییەکان ڕوون بکەمەوە.

*** گوایە تۆو هونەرمەند ئەردەلان بەکر پێوەندیتان نەبوو، بەڵام کاتێك ئەردەلان نەخۆش کەوت ئاشت بوونەوە، ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

- بەڵێ زۆر ڕاست بوو ئێستا ویژدانم ئاسوودەیە کە چووم بۆلای سەردانم کرد و کۆمەڵێك قسەی خۆش و یادەوەری جارانمان گێڕایەوە. هەزار ڕەحمەت لەگیانی پاکی ئەردەلان، هەرچەندە بە جەستە لەنێومان نییە، بەڵام هەمیشە لەگەڵمان دایە لەژیانی ڕۆژانەی خۆشەویستەکانی ئاگادارە. بۆیە پێی دەڵێم ئارام و دڵ خۆش بە، چونکە هەمموو خەڵك بیری قسە خۆشەکانت دەکات.

*** گۆرانییەکت ئامادە کرد لەسەر خۆسووتاندنی ئافرەت، ئەم گۆرانییە دووجار کلیپی بۆکرا هۆکارەکەی چی بوو؟**

- چونکە بنەماڵەی کچە ئەکتەری کلیپەکە هەرەشەیان لە من و ئەو کرد کە ئەوان بە هیچ شێوەیەك قبوڵیان نییە کچەکەیان لە تەلەفزیۆن دەربچێت، کێشەکە ئەوەبوو کە لە سەرەتا کۆمەڵێك لە ئەندامانی بنەماڵەکە ڕازی بوون پێیان ئاسایی بوو، بەڵام پاشان هەندێکی تریان نارەزای بوون، چونکە دەیانوت ئەگەر بێتو کچەکەمان لە تیڤییەکان دەربچێت، ئەوا سەری دەبڕین، پرۆژەکەی منیش دژی توندوتیژی ئافرەت بوو کەچی ڕەنگە ببامە هۆکارێك بۆ لەناو بردنی ئەم ئافرەتە، بۆیە بڕیارمدا دووبارە شتێکی تازە بکەمەوە لەگەڵ ستافێکی نوێ.

*** تاچەند ڕاستە جەنابت بایکۆتی کوردسات کرد گوایە چیتر گۆرانییەکانت دانەبەزێنن، هۆی بڵاوبوونەوەی کلیپێکت چی بوو؟**

- ڕاستە زۆر دڵگران بووم کە لە کوردسات کلیپی (مەیسووتێنە) ڕەتکرایەوە گوایە ئەمە لە خانەی هونەر نییە و کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، منیش چونکە ئەوەندە هیلاك ببووم بە دەست ئەم گۆرانییە و کلیپەکەی زۆر تەئیسری لێکردم کە لە کوردسات بەمشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ کردم، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون لە دابەزاندنی گۆرانییەکانم و داوای لێبوردنیان کرد. منیش دڵم زۆر گەورەترە لەوە و ئێستا ئەم کێشەیە نەماوە.

***لەگەڵ (ئاوامێدیاکا) گرێبەستت کردووە، بەنیازیت هەر بەردەوام لەکوردستان بمێنی دوای گرێبەستەکەشت؟**

-من لە مانگی (دە)وە گرێبەستم کردووە وەك بەرپرسی بەرهەمەکان واتە "Product Manager" و زۆر موزتاحم لێرە، چونکە شوێنەکە زۆر گونجاوە و دەتوانم ئەو ئەزموونەی لە سوید بە دەستمهێناوە لێرە پەیڕەوی بکەم، پرۆفیسۆر بارام ڕەسوڵ دوای 32 ساڵ لە سویدە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەرچوار پارچەی کوردستان ئەم کارگەیەی دروستکردنی دەرمانی دامەزراندووە، بەڕاستی جێگەی فەخرە.

*** ڕەوشی کوردستان چۆن دەبینی بەتایبەت لە ڕووی تەندروستی دەرمانەوە؟**

- کارەساتە، من هیچ ناڵێم، بەڵام خۆتان شەوێك بچن بۆ یەکێك لە نەخۆشخانەکان و خۆتان سەیر کەن ڕەوشەکە چۆنە.

***دەکرێت بزانین بۆچی تاکو ئێستا بڵند ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوە؟**

- بە قورسترین و گەورەترین هەنگاوی پرۆژەکانی ژیانی دەزانم، بۆیە دەبێ زۆر بەوردی و وریاییەوە دۆستی ژیانم هەڵبژێرم

*** بۆچی بەردەوام بڵند بەبێ قژ دەبینرێت؟**

- من لە سەرەتاوە ئاوا بووم بەو شێوەیە و سەلیقەیە دەرکەوتم و خەڵك من ناسی، بۆیە هەر وا دەبێ بەردەوام بم.



هونەرمەند بورهان موفتی زادە خەڵکی شاری سنەیە نزیکەی سی ساڵە لەدەرەوەی کوردستان دەژیت. ئێستا بەسەردانێك گەڕاوەتەوە کوردستان و لەدیمانەیەك بۆ گۆڤاری گوڵان باس لە سەردانی ئەمجارەی دەکات و دەڵێت: کۆمەڵێك گیروگرفت هاتەپێشم نەمتوانی پڕۆژە هونەرییەکانم جێبەجێ بکەم.

## بورهان موفتی زادە:

# دەنگی من دەنگی هونەرمەندانە

### دەنگی من دەنگی هونەرمەندەکانە

بورهان موفتی دەڵێت «هیچ کاتێك بێدەنگ نیم لەکاری هونەری تازە، ئەو ماوەیەی کە بێدەنگم هونەرمەندەکان بێدەنگن. دەنا من کاری تازەم هەیە، بەڵام دەنگی من دەنگی هونەرمەندەکانە. ئێستاش پێنج (تراك) هی منە لەبەرهەمەکەی چۆپی کە ئێستا خەریکیەتی».

### کۆمەڵێك کۆسپ و تەگەرەم هاتە پێش

بورهان، لەبارەی هاتنەوەی ئەمجارەی بۆکوردستان وتی «هاتنەوەی ئەمجارەم تایبەت بوو بەوەی کە پێوەندی بەچەند هونەرمەندێك بکەم و هەروەها کۆمەڵێك پڕۆژە ئەنجام بدەم، یەکێك لەو پڕۆژانە تایبەت بوو بەخۆم کە نزیکەی (100) ئاوازم دانابوو بێمەوە لەگەڵ کۆمەڵێك تێکست نووس قسەبکەم بۆئەوەی تێکستیان بۆ بنووسێت، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵێك کۆسپ و تەگەرم هاتەپێش نەمتوانی ئەنجامیان بدەم. ئەوەی بیرم لێدەکردەوە نەمتوانی جێبەجێ بکەم. ئێستا پڕۆژەی مۆسیقای نەورۆزم کە دەمێکە ئامادەکراوە، بەڵام تاکو ئێستا دەنگی نەخراوەتە سەر، ئەمەش هێشتا ماوەتەوە، بەڵام کاری هەر بۆ دەکەین».

### دەکرێت پێش تێکست ئاواز دابنرێت

هونەرمەند بورهان موفتی دەڵێت «ئاساییە پێش ئەوەی تێکست بنووسرێت ئاواز دابنرێت ئینجا تێکست بنووسرێت، بەڵام بەمەرجێك ئەو تێکستەی دەنووسرێت لەقاڵبی ئاوازەکە دەرنەچێت.
حەزەکەم تێکستەکانم وەك گۆرانی بێت بورهان، وەك باسی دەکات و دەڵێت «حەزناکەم ئاوازەکانم بەتەنیا بێت. واتا تێکستی لەسەرنەبێت، حەزدەکەم تێکستەکانم وەك و گۆرانی بێت و بیدەم بەگۆرانی بێژان.

### چۆپی لەبەرهەمی «کریستاڵ» سەرکەوتوو نەبوو

بورهان موفتی لەبارەی بەرهەمی «کریستاڵ»ی چۆپی وتی «چۆپی لەم بەرهەمە سەرکەوتنی باشی بەدەست نەهێنا، بەڵام دەتوانێت کاری جوان بکات و وەڵامی خەڵك بداتەوە، چونکە کەسێکی



بەتوانایە.

### هیچ کاتێك لەگەڵ ئەوە دانیم هیچ بەرهەمێکی تەواو بۆهونەرمەندێك بکەم

بورهان سەبارەت بەوە بۆچی هیچ بەرهەمێك بەتەواوی بۆ هونەرمەندێك ئامادەناکەی وتی «تەنیا بۆ شەهێن تاڵەبانی سێ بەرهەمم کرد، لەوسێ بەرهەمە لەوانەیە دوو تڕاك هی من نەبوو، بۆیە ئەم بەرهەمانەم بۆخاتوو شەهێن کرد، چونکە ئەو ماوەیەکی زۆر بوو لەکاری هونەری دابڕابوو ئەو ویستی بەرهەمێکی باش بکات. بۆیە ئەو سێ بەرهەمەم کرد. هیچ کاتێك لەگەڵ ئەوەدا نیم بەرهەمێکی تەواو بۆهیچ هونەرمەندێك بکەم، چونکە ئەمە کارێکی باش نییە. شتەکە زۆر دووبارە دەبێت و باشیش نییە.

### من لەیلا فەریقیم دروست نەکرد

بورهان موفتی سەبارەت بەوەی گوایە لەیلا فەریقی بورهان موفتی دروستی کردووە لەم بارەیەوە وتی «نەخێر وانییە، لەیلا کەسێکی بەتوانایە و پێش ئەوەی من ئاوازی بۆدابنێم توانی خۆی بناسێنێت بەخەڵك. راستە لەبەرهەمی دووەمی من ئاوازم بۆدانا کەسەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا.

### هونەرمەندە ئافرەتەکان زیاتر داوام لێدەکەن کاریان بۆبکەم نەك پیاوەکان

هونەمەند بورهان وتی «هونەرمەندە ئافرەتەکان زیاتر داوام لێدەکەن کاریان بۆبکەم نەك هونەرمەندە پیاوەکان، بۆیە زیاتر کار بۆهونەرمەندی ئافرەت دەکەم. ئێستاش خەریکم کار بۆهونەرمەندان «تارا رەسول و ئاڤان جەمال و هانی بکەم.



# پرشنگ بە کلیپکردنی دوو گۆرانیەوە خەریکە



خانمە هونەرمەند پرشنگ توانا دانیشتووی وڵاتی سوید لە یەدوانێکدا بۆ گوڵان باسی لە دوایەمین کارە هونەرییەکانی خۆی دەکات و دەڵێت: ئێستا خەریکی کلیپ کردنی دوو گۆرانیم بەناوەکانی (سۆزی ویژدان و گوڵی من)، ئەمە جگە لە سێ گۆرانی دیکە کە بە نیازم تۆماریان بکەم . بەڵام حەز ناکەم بەشێوەی بەرهەمێك بڵاوی بکەمەوە، چونکە نەمزانی بەرهەمەکەی ترم چۆن فرۆشراو ئامانجەکەی چی بوو .

پرشنگ ئەوەشی راگەیاند لە تۆمار کردنی کلیپەکانی وەکو پێویست نەبوو، چونکە خەریکی ماڵ گواستنەوە بووە.

پرشەنگ زۆر حەز دەکات کێشی لەشی دابەزێنێت. چونکە دەڵێت ئەژنۆکانم ئازاریان هەیە .دەبێت نزیکەی " 10کیلۆ" کێشی لەشم دابەزێنم جگە لەوەش کێشەی بۆدروست کردووەمە لەجل و بەرگ کرین .کاتێك دەچم بۆ بازار زۆر بەدڵێکی بەخەمەوە دەگەڕێمەوە ماڵ، چونکە زۆربە زەحمەت جلم دەست دەکەوێت .

# بەهۆی چەند وێنەیەکەوە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت

ئەستێرەی فیلمەکانی دیزنی لاند سیلینا گۆمێز چەندین هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی چەند وێنەیەکی نوێی.

لەم وێنانەدا کە بەم دواییە بڵاوکراونەتەوە سیلینا و جاستین تیمبرلانگ دەبینرێ لە دوورگەکانی کاریبی و لە هەندێك لە وێنەکاندا جاستین و سیلینا یەکتریان ماچ کردووە، سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان رەتیان کردەوە کە هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام هەندێك لە کچە هەوادارەکانی جاستین پێیانوایە ئەم وێنانە بەڵگەی هەبوونی پەیوەندییە لەنێوانیاندا بۆیە چەند نامەیەکی هەڕەشەیان بۆ سیلینا ناردووە لەسەر ویب سایتی تۆیتەری کۆمەڵایەتی.

لە یەکێك لە نامەکاندا هاتووە: ئەگەر دڵی جاستینت شکاندووە دڵنیابە دەتکوژم، هەرچەندە سیلینای تەمەن 16 ساڵ وەڵامی کەسی نەداوە، بەڵام هەوادارانی بەرگریان لێکرد و پشتگیرییان لێیکردووە



# ئۆپرا وێنفری کەناڵێکی



پێشکەشکاری بەناوبانگی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن ئۆپرا وێنفری کەناڵێکی تەلەفزیۆن تایبەت بەخۆی کردەوە و دەستی بە پەخشی کرد بەناوی (OWN) .

لەم بارەیەوە رۆژنامەی (یترۆیت فری پرێس) ی ئەمریکی بڵاویکردەوە سەرەڕای ئەوەی ئۆپرا سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەرچاوی بەدەستهێنا و توانی ژمارەیەکی زۆری بینەر بۆ لای خۆی رابکێشێت و بڕیار وایە بەرنامەکەی بە تەواوی رابگرێت و گشت کاتی خۆی بۆ ئەم کەناڵە تەرخان بکات،بەڵام

# کارداشیان روو لە



ئەستێرەی تەلەفزیۆنی واقعی ئەمریکی کیم کارداشیان چەند دیمەنێکی کورتی یەکەم گۆرانی خۆی بڵاو کردەوە لەسەر ویب سایتی (یۆ ئێس مەگازین)، هەروەها کیم دوو وێنەی ئەم گۆرانییە نوێیەی بڵاوکردەوە کە بە سەرەتای کاری کیم دادەنرێت وەك گۆرانیبێژ، هەرچەندە پێشتر لە رێگای تەلەفزیۆنەوە لەلایەن

بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بەگی
huneri@gulan-media.com
Mobile: 07504494920

# دەوەن نەوزاد: قژم هاوکارمە لەکارە هونەرییەکانم



دەون نەوزاد لەلێدوانێکدا بە گوڵانی ڕاگەیاند ودەڵێت " حەزەکەم بۆ ماوەیەك پشوو بدەم و کاری هونەری نەکەم، چونکە ماوەی مانگێك لەشاری ئاکرێ خەریکی فیلمی سینەمایی "دانا ڕۆژبەیانی " بووم . بۆیە پێیوستم بەپشووە . بڕیاریشم داوە دوای ئەم فلیمە هەر کارێك باش نەبێت نایکەم .

دەوەن ئاماژەی بەوەشدا، لە فیستیڤاڵی نا بۆ توندوتیژی خەڵاتی ڕێزلێنانم وەرگرت، چونکە فلیمەکەم لە بەشی پێشبڕکێ بوو.

دەوەن وەك باسی دەکات و دەڵێت: چەندین جار بیرم لەوەکردۆتەوە کە قژەکەم ببڕم، بەڵام لەبەر کارەکەم ناتوانم، چونکە سادەیی و درێژی قژەکەم وای کردووە کە هاوکارم بێت لە کارە هونەرییەکانم، دەوەن حەز دەکات ئەکتەرێك بێت، هەموو خەڵك خۆشی بوێت و خزمەتی هونەری کوردی بکات. هەروەها رایگەیاند سەرسامیشە بە سینەماکاری گەورەی جیهانی ئەنجیلێنا جۆلی.

## تایبەت خۆی دەکاتەوە



توانای ئۆپرا لە راکێشانی بینەر بۆ لای کەناڵەکەی خۆی تا ئێستا جێگای پرس و مشتومڕە، چونکە خەڵك زیاتر سەیری ئۆپرا دەکەن و کاتی بەرنامەکەی دیاریکراوە و ئۆپرا ناتوانێت بەردەوام لەسەر کەناڵەکە دەربکەوێت و بۆیە جەماوەری خۆی دەمێنێت، بەڵام مەرج نییە بینەری کەناڵەکە بەو شێوەیە بێت کە پێشبینی دەکرێت.

## شێرلی کۆڵ: 2010 ناخۆشترین ساڵی ژیانم بوو

دوای ئەوەی شێرلی کۆڵی گۆرانیبێژی بەریتانی بە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانی تێپەڕی، رایگەیاند کە چیتر ناتوانێ بەرگە بگرێت.

لەم بارەیەوە شێرلیی تەمەن 27 ساڵ لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (زە سەن)ی بەریتانی گوتی: چیتر ناتوانم بەرگەی ناخۆشی بگرم، چونکە ساڵی 2010 چەند ئەزموونێکی ناخۆش و تاڵم بەڕێکرد، چونکە ئەگەر ساتە ناخۆشەکانی تەمەن زۆر بوون یان کۆنترۆڵی ژیانی خۆت لە دەست دەدەی یان دەبێ رووبەروویان بیتەوە بۆیە من وا هەست دەکەم ساڵی 2010 یەکێك بێت لە ناخۆشترین ساڵەکانی تەمەنم.

شایەنی وتنە کە لە ساڵی 2010 شێرلی جیابۆوە لە ئاشلی کۆڵی هاوسەری، هەروەها تووشی نەخۆشی مەلاریا بوو و رەخنەیەکی زۆریشی ئاڕاستە کرا لە بەرنامەی ئێکس فاکتور کە پێشکەشی دەکرد.



## گۆرانی وتن دەکات



جەماوەرەوە هاوشانی خێزانەکەی ناسراو بوو نەك تەنیا لە ئەمریکا بەڵکو لە سەرتاسەری جیهان.

هەر لەم بارەیەوە کارداشیان بە ویب سایتی ناوبراوی راگەیاند کە ساڵی 2011 چەند شتێکی نوێ دەخاتە سەر کاروانی هونەری خۆی وئەم ساڵە بە سپرایزێکی خۆش و شێتانە دەست پێدەکەم.




# لە ساڵیادی سینەمای جیهانی

## سەرەتای سینەما لە هەولێر چۆن بوو؟

**خەلیل یابە**

رۆژی ٢٠١٠/١٢/٢٨ بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە دەزگاکانی راگەیاندن و سینەماکاری کورد، لە ئامادەکردنی سینەماکار ئەمیر تەها کۆمەڵەی هونەر و ویژەی کورد مەڵبەندی گشتی هەولێر، یادی دروستبوون و سەرهەڵدانی سینەمای جیهانی کرایەوە کە لە رۆژی ١٨٩٥/١٢/٢٨ی یەکەم فیلمی سینەمایی لە جیهان نمایشکرا.

بەرنامەی کاری ئەم یادەوەرییەش بریتی بوو لە نمایشکردنی وێنەی چەندین سینەماکاری جیهانی کە رۆڵیان هەبووە لە دروستکردنی سینەمای جیهانی وەك برایانی لۆمیر (کە یەکەم فیلمی جیهانی لەسەر دەستی ئەوان بەرهەمهات لە فەرەنسا)، هیتشکۆك، ئەکیرا کیرۆ ساوا، شارلی شاپلن و برادەرانی، ئۆرسۆن ویلز، مارلۆن براندۆن، ئەنتۆنی کوین، یوسف شاهین و چەندانی تر، تەڵعەت سامان سەرۆکی کۆمەڵە باسی لە گرنگی سینەما کرد لەم رۆژگارەدا بە گشتی، ئینجا سینەماکار ئەمیر تەهای پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، ئەمیر تەهای سینەماکاریش باسی لە دروستبوونە سەرەتاییەکانی سینەما کرد کە لە فەرەنسا پێش برایانی لۆمیر چەند هەوڵێکی ساکار هەبوون هەر لە ساڵی ١٨٨٣وە، بەڵام هیچیان سەریان نەگرت تاوەکو برایانی لۆمیر یەکەم فیلمیان بە ئامادەبوونی ٣٣ کەس لە ١٨٩٥/١٢/٢٨ نمایش کرد و دواتر رۆژ بە رۆژ سینەما پەرەی سەند و گەشەی کرد و هەموو دنیای گرتەوە، هەروەها توانی بە سکرین یەکەم دەنگ و یەکەم وێنە نیشانی بینەران بدات کە فیلمی (کرێکاران دێنە دەرەوە، شەمەندەفەر دێت)، کۆڕەکەی کاك ئەمیر بەپێز بوو، چونکە بەچاکی باسی هەموو قۆناغەکانی کرد، قۆناغی بێدەنگی (صامت)، دواتر دەنگ و تاد، هەروەها ئەو ئامێرانەی نمایش کرد کە لە سینەما بەکارهاتوون بەتایبەتی کامیرا فۆتۆ و کامیرای سینەمایی.

دواتر هونەرمەند جەوهەر ئەنوەر باسی لە دروستبوونی سینەما کرد لە هەولێر و وتی: ماڵی داود ئاغا یەکەم سینەمایان لە هەولێر دانا لە هەولێر ئەویش سینەمای سەلاحەددین بوو لە ساڵی ١٩٤٦ کە زستانی و هاوینی بوو و رەفیق مستەفا سەرپەرشتی دەکرد، سەرەتا فیلمی ئەمریکی دەهێنا پاشان فیلمی عەرەبی و هندی و ئێرانی، ئەو کات خەڵکێکی زۆر بە پەرۆشەوە دەچوونە سینەما، هەروەها وتی: لەبەر ئەوەی من خولیای سینەما بووم لە تەمەنی هەرزەکاریدا لەو سینەمایە کارم دەکرد، موتەسەریف و بەڕێوەبەری پۆلیس و حاکمەکان شەوان دەهاتنە ئەم سینەمایە کە لۆچی تێدابوو وشوێنی (٤-٥) کەسی هەبوو واتە خێزانێك، پاش ئەو سینەمایە ئیسماعیل شەریف کە پیاوێکی خەڵکی موسڵ بوو، سینەمای حەمرای لە ساڵی ١٩٤٧ و لە هەموو شارەکانی عێراق سینەمای حەمرای کردبۆوە، لەبەر ئەوەی ئەو کات سینەمای حەمرا باش نەبوو خەڵکەکە زیاتر روویان لە سینەمای سەلاحەدین دەکرد.

دواتر عادل فەیزی سینەمای سیروانی دروستکر کە لە دوو سینەماکەی تر پێشکەوتووتر بوو، هەروەها کەسایەتی هەولێر ئیسماعیل یاقوبی سینەمای جوندیانی دروستکرد کە هاوینی بوو، ئەویش رەفیق مستەفا سەرپەرشتی دەکرد، پاش ئەوان لە ساڵی ١٩٩٥ مام جەلیل خەیات سینەمای کریستالی دروستکرد و کرایەوە، کە سینەمایەکە لەچاو ئەوانی تر پێشکەوتووتر بوو، بەڵام بەداخەوە ئەوەندە کاری نەکرد و ئێستاش داخراوە.

دواتر نووسەر و رۆژنامەنووس سەلاح مەزن باسی لە سەرەتاکانی سینەمای جیهانی کرد کە چۆن لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و ئیتاڵیا گەشەی کرد و گرنگی پێدەدرا، هەروەها باسی لە سینەماکانی هەولێر کرد کە چۆن کەسایەتییە سیاسییەکان و رۆشنبیرەکان دەچوونە سینەما و سوودیان لەم بوارە وەرگرتووە و باسی لە یانەی سینەما کرد کە لە جیهان داباوە لە هەولێریش ئەم یانەیە هەبووە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو و کۆمەڵەی هونەر و ویژەی کورد مەڵبەندی گشتی هەولێر پیشەنگ بووە لەم بوارە کە کۆمەڵێك رۆشنبیر و هونەرمەند ئەم یانەیەیان بەڕێوە دەبرد و فیلمی بە پێزیان نمایش دەکرد پاشان موناقەشەی لەسەر دەکرا، دواتر ئامادەبووان بیروڕا و سەرنجەکانی خۆیان دەربارەی سینەما خستەروو، کە چۆن لەتەمەنی منداڵی بەتایبەتی لە جەژن و بۆنەکاندا لەگەڵ منداڵان دەچوونە سینەما، ئەو کات بە رۆژ فیلمی تایبەت نمایش دەکرا، فیلمەکانی شەڕ و پۆلیسی و شەڕە شمشێر نمایش دەکرا بۆ گەنجەکان، شەوانیش فیلمی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ گەورە پیاوانی هەولێر و خانەوادەکان، ژمارەیەکی زۆر هونەرمەند و سینەماکار بە موداخەلە بە پێزەکانیان بابەتەکەیان دەوڵەمەندتر کرد و مایەی دڵخۆشی هەموو لایەك بوو، لە هەمان کاتدا گلەیی ئەوەیان دەکرد کە چۆن دەبێ پایتەخت بەبێ سینەما بێت، لەو کاتەی فیلم دروست دەکرێ، بەڵام ئەو فیلمانە هەموویان تەنیا بۆ فیستیڤاڵی جیهانییە و کەسێك لە کوردستان ئەم فیلمانە نابینێ، هەروەها بەڕێز ئازاد ئەرگوشی باسی لەوە چۆنیەتی دروستکردنی فیلم و سینەماسازی کرد و وتی دەکرێ حکومەت گرنگی زیاتر بەم بوارە بدات وەك بوارەکانی دیکەی خزمەتگوزاری، چونکە هەبوونی سینەما لە هەر شار و وڵاتێك ئاماژەیە بۆ پێشکەوتن و شارستانیەت.

## هونەرمەند ماجد بەکر:

# شانۆی ساڵانی هەشتاکان باشتر بوو

**هونەرمەندی شانۆکار ماجد بەکر ئەیوب یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە لەساڵی ١٩٨٠ی سەدەی رابردوو هاتۆتە ناو جیهانی شانۆ و توانیوویەتی جێی پەنجەی دیار بێت و بەشداری لەچەندین شانۆ و دراما و زنجیرە درماکان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بکات، ئەو شانۆکارە ساڵی ١٩٦٦ لەشاری هەولێر لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی تاکو پەیمانگای کارگێڕی و یاسا تەواو کردووە، لەپاش تەمەنێك خزمەت بۆ دووەمین جار دەبێتەوە قوتابی لەبەشی شانۆی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین و بەسەرکەوتوویی ئەو بەشە تەواو دەکات و لەئێستاشدا بەردەوامە لەخزمەتکردن.**

له چاوپێکەوتنێکی کورتدا سەرەتا لەو هونەرمەندەمان پرسی یەکەم کاری هونەریت چی بوو وەساڵی چەند بوو، بەڕێزیان وتی: له ساڵی ١٩٨٠ هاتمە ناو دنیای هونەر، بەڵام لەساڵی ١٩٨٢ شانۆگەری (لاس و غەزال) بووە نۆبەرەی کارە هونەرییەکانم لەدەرهێنانی (مامۆستا سەباح عبدولڕەحمان) بوو، تا ئێستا بەشداریم له کۆمەڵێك شانۆگەری و دراما و زنجیرە درامای تیڤی کردووە.

بەڕێزیان باسی لەهاندەر و کاریگەری کرد کە کێ هاندەری سەرەکی بووە بۆ ناو جیهانی شانۆی کوردی و وتی: هاندەری سەرەکیم ئەو حەز و ئارەزووانە بوون کە لەناخمدا رۆژبەڕۆژ گەورە دەبوون، هەر ئەوان بوون منیان کرد بەئەکتەر.

ئەو هونەرمەندە لەپاش تەواوکردنی پەیمانگا و تەمەنێك لەخزمەتی هونەری شانۆ جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ بەشی شانۆی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین، لەکۆی (٣٦) قوتابی پلەی پێنجەم بەدەست دەهێنێت و بڕوانامەی بکالۆریۆس بەدەست دێنێت.

هونەرمەند ماجد بەکر دەڵێ: سەرەڕای ئەوەی بەشداری لەچەندین دراماو شانۆ کردووە وەك ئەکتەر، وەك دەرهێنەریش دوو شانۆگەری دەرهێناوە یەکەمیان: شانۆگەری (زیانەکانی تووتن) لەنووسینی چیخۆف کە مۆنۆ دراما بوو لەتەك کاری دەرهێنان هەر خۆشم رۆڵەکەم بینی لە ساڵی ٢٠٠٨ بەبۆنەی رۆژی جیهانی شانۆ لەسەر تەختەی شانۆی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی هەولێر نمایشکرا.

دووەمیشیان: شانۆگەری (ماندووکراو)ی چیخۆف بوو، کە خۆم ئەو دەقەم لەزمانی عەرەبی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی لە ساڵی ٢٠١٠ لەوەرزی هەولێری شانۆیی لەسەر تەختەی شانۆی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر بۆ ماوەی دوو رۆژ نمایشکرا.

من و هونەرمەند تەها ئاغاجان رۆڵمان تێدا بینی، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو شانۆگەریە بۆ یەکەم جارە لەسەر ئاستی کوردستان لەسەر تەختەی شانۆ نمایش بکرێت و کاری دەرهێنانی بۆ بکرێت.

ماجد بەکر باسی لەجیاوازی شانۆ کرد لەنێوان ئێستاو ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەڕووی بیرۆکە و تێکست و نواندنی ئەکتەرەکانەوە و وتی: بێگومان ساڵانی هەشتاکان باشتر بوو، ئەوە نکۆڵی لێ ناکرێت ئەوە بۆچوونی زۆرێك لەهونەرمەندانە، چونکە لەو سەردەمە دەرهێنەر زۆر زیرەکانە ئەو دەقەی هەڵدەبژارد کە خزمەت بەشانۆی کورد و کێشەی میللەتەکەمان دەکرد، هونەرمەندیش ئەوکات یەك بیروباوەڕ بوو خۆشەویستی و هاوڕێیەتی و دڵسۆزی لەنێوانیاندا هەبوو کەئێستا بەدەگمەن ئەو خۆشەویستییە ماوە، کەواتە لەو سەردەمەدا هەر کارێکی شانۆیی یان TV دەکرا هەر هەمووی سەرکەوتوو دەبوو لەلایەن جەماوەرەوە بەرز دەنرخێندرا و پێشوازی لێدەکرد.

ئەو هونەرمەندە باس لەجیاوازی نێوان ئەکتەری خۆڕسك و ئەکتەری ئەکادیمی دەکات و دەڵێت: بەڕای من هەردووکیان پێویستن، چونکە ئەو هونەرمەندەی هەڵگری بڕوانامەی هونەرییە، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەزمووندارە و شارەزایە لە هەموو بوارەکانی هونەری وەك مێژووی هونەر و موزیك و مکیاج و..تاد، ئەوانەش زۆر گرنگن بۆ کاروبەرهەمێکی هونەری.

بۆیە دەڵێم بڕوانامەی هونەری بۆ هونەرمەند لەپێویست پێویست ترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك هونەرمەندی خۆڕسك هەیە هەر لە سەرەتاوە بەهرەیەکی گەورە و ئارەزوویەکی بەتینی هەیە، خاوەنی هیچ بڕوانامەیەکی هونەری نییە زۆریش سەرکەوتووە، خۆزگە هەموو هونەرمەندێك لەگەڵ بەهرەکەیەوە بڕوانامەیەکی هونەری هەبووایە.



